# کاکه و مامه چیان کرد؟؟

**سەڤین عومەر**

وەرچەرخانی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی ناوین و چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەمان، با بەڕوونی بیلێین کە پەیوەستە بە ڕەوشی گۆشەگیری داسەپێنراوی سەر بەڕێز ئۆجەلان، واتە لەگەڵ هەلگرتنی ئەم گۆشەگیرییە یەکە یەکە هیوا وشك و زەرد هەلگەڕاوەکانی گەلەکەمان بە تایبەت لە باشور سەوز دەبنەوە و، سەر لەنوێ دەزێنەوە. پێویستە ئەوەش بلێم کە ئەم زاینەش زۆر گرنگە و پێشکەوتنی زۆر مەزنیشی بە دواوەیە.

لە لایەك کە گەلەکەمان بە شەو ڕۆژ لە هەرچوار لای جیهان لە سەر شەقام و کوچە و خیابانەکانن و هاوار هاواریانە نا بۆ گۆشەگیری سەر سەرۆك ئاپۆ و بەڵی بۆ "ئاشتی بۆ کوردستان و ئازادی بۆ سەرۆك ئاپۆ"، کەچی وەك میدیاکانی "پ د ك و ی ن ك" جارِی بۆ دەدەن گوایە ئەزمونی دیموکراسی ئەوان نمونەیە بۆ ناوچە. مەگەر هەر لەم تێڕوانینەی ئەوانەوە ئاسایی بێ کە بەرامبەر بەم چاڵاکیانەی گەل، بە قسەی ناشیرین و بێ ڕێز هەوڵبدەن چاڵاکییەکانی گەلەکەمان سوك و بێ واتا بکەن و، بەردەوام بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و دوونیا وەك شامی شەریف نیشان بدەن و، کێشەکان بشارنەوە و تا لە کاتێکدا گەلەکەمانی تێدا ڕووبەڕووی کارەساتێك بکەنەوە. ئەگینا هۆی شێواندنی ئەم قۆناخە چیە؟

لە ڕاستیشدا ئەم دیاردانە مرۆڤ نارەحەتیش دەکەن، چونکە نەك هەر خەباتێك ناکەن، بەڵکو ئەوەتا کۆسپ دەخەنە بەرامبەر خەباتی گەلەکەمان کە دژی داگیرکەران و بەتایبەت داگیرکەری تورك لە چاڵاکی بێ وچاندان. بەڵام نەك هەر هیچیان پێناکرێ بەڵکو ئەوەش ڕاست و دوروستی و بەرپرسیارێتی ئەوان دەخاتە ڕوو و، بەتایبەت بەرامبەر بە بەرژەوەندی نەتەوەییمان، ڕووی ڕاستیان دەردەخەنە ڕوو، چونکە لە کاتی تەنگانەدا ماسك کاریگەری نییە ناچارن ڕاستەوخۆ مەرامەکانیان بلێن.

جا بۆیە پێویستە ئەوەش بلێم کە کێشەکە تەنها کێشەی کادەك یان یان کێشەی گەلی کورد نییە، بەڵکو کێشەی زهنیەتی دژە دیمورکراسیە کە سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێیەوە دەناڵێنن، بەڵام کورد و تورك و عارەب و فارس لە پێشەوەن. بەتایبەت و بەتایبەتیش لێرەدا ڕەوشی گەلەکەمان زۆر تێکهەڵچرژاوە و بۆیە پێویستە زۆر بەهەستیاری هەڵسوکەوتی لەگەڵدابکرێت، چونکە بەهۆی نەبوونی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە تورکیا کێشەکەمان زیاتر ئاڵۆز دەکرێتەوە و، لە بابەتی ئەمڕۆی لادانی صدام حسین بە چاوی خۆمان بینیمان، کە زهنیەتی باڵادەستی ئیمپریالی چەندە مەترسیدار و خەڵەتێنەرە.

ئەگەر ئێمە نزیکەی هەزار ساڵێکە لەگەڵ تورکان دراوسێین و ئەوە دەیان ساڵە ڕاستەخۆ دژایەتی گەل و نەتەوەکەمان دەکەن، وە ئەم تورکیایە مەزنە بە چەند کاغەزە دۆلارێك پێشکەشی ئامریکا دەکەن، کە مەبەستیشیان تەنها و تەنها پاکتاوکردنی خەباتی گەلەکەمانە، ئەوا خوا نەخواستە ڕۆژێ دابێ کاکە مامە چۆن بفرۆشن. کەواتە سەرەتا بۆ خودی تورکیا و پاشان بۆ خودی گەلی کوردیش چارەسەری بنچینەیی کێشەکان گرێدراوی گۆشەگیری سەر سەرۆك ئۆجەلانە و پاشان هەنگاوەکانی دوایی ئەمە. لەم تێڕوانینیەوە دەتوانین بلێین کە ئەم دەستپێشخەرییەی گەلی کورد خزمەتی بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ناسنامەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و تورك لەیەك کاتدا دەکا. بەڵام مخابن کە تورك هەر سەرکەوتنێکی خۆی لە پاکتاوکردنی گەلی کورد دا دەبینێ. بۆیە پێویستە سەرەتا دڵسۆزانی ڕاستەقینەی تورکیا واتە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکان و نوسەر و هونەرمەندانی تورك دەرك بەو ڕاستیە بکەن کە ئاسایش و ئارامی و ئاسوودەیی هەمیشەیی تورکیا مەگەر بە دابین کردنی مافی گەلی کوردەوە بەرقەراربێ.

مەگەر لەسەر ئەم بنەمایە هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان بهاوێژرێ وە هەرچەندە بەرهەمەکەشی درەنگ وەخت دیارکەوێ بەڵام مسۆگەرە و پتەوە و پیرۆز و گران بەها و هەمیشەییە، هەروەها سەرجەم دیاردەکانی کاوڵکاردن و کوشتن و گرتن لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکەنێ. واتە تاوەکو کێشەی کورد لەسەر بنەمای دیموکراسی و یەکێتی ئازادانە چارەسەر نەکرێ ئەوا پێویستە گەلی کورد سەرەتا دژی گۆشەگیری سەر سەرۆك ئۆجەلان و پاشان بۆ داخوازی ناسنامەی سیاسی و زمان و. . . . هیتد درێژە بە چاڵاکیەکانی خۆی بدا و، خۆی بە هیچ سەرکەوتن و دەسکەوتێك و گرفتێکی ئامریکایی و تورکیایی و هیتر نەخەڵەتێنێ.

هەربۆیە پێویستە کە گەلی کورد لەسەر ئەم بنەمایە باوەڕ بەخۆ و بە هێزی خۆی هەوڵ بدا و کۆشش بکا کە ئەم وەرچەرخانە لە ناوچە سەقامگیر بکا، نەك هیوایان بە چاو برسی و دان بوخوێنێکی وەك ئامریکا و ئینگلترا هەبێ کە شتێکمان بۆ بکا، چونکە هەرشتێك ئەگەر ئەوان بیشیکەن ئەی کێ بەرامبەر بە هێرشەکانی تورکیا و ئێران و سوریای بیپارێزێ، یاخود کێ ناوەڕۆکەکەی پڕکاتەوە و، پێشی بخا. خۆ دژایەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد نەك لە باکوری کوردستانە و بەس، بەڵکو لە هەر قولینچکێکی ئەم جیهانە ئەم هەڵوێستەی تورك هەستی پێ دەکرێ، بۆیە جارێکی تر دەڵێمەوە کە "گۆڕانی زهنیەت، گۆڕانی زهنیەت" تاقە دەرمانی دەردی ئێمەیە و هەر ڕێ و ڕێبازێکی

تر مەگەر یاری هێزە دەرکیەکان بن کە وەك ئەو یارییەی تورکیا بە تورکمانانی دەکا و، بەنێوی ئەوەی کێشەی تورکمان چارەسەر دەکا، بەلاَم لە لایەکی تر کێشە کە لە پێشوو میلێك زیاتر لە عەرزا ئەباتە خوار.

هیوادارم کە ئەم جارە بەرێزان جەلاَل تالەبانی و مەسعود بارزانیش دلَە ڕاوکێ و گومانی گەلەکەمان لەم ئالَۆزییەی پێشبینی کراو هەست پێبکەن و، ڕاستی خۆیان قبوولَ بکەن و چی تر خۆیان بە زمانحالَ و دەمڕاستی پیلانەکانی ئیمپریالی نیشانمان نەدەن کە بووە هۆی کارەساتێکی مەزن و لە دەست دانی دەستکەوت و بەرهەمی زۆر مەزن و پیرۆز، وە ئەم جارەیان هەست بە پێداویستی پشت بەستن بە هێزی گەل بکەن و، چیتر خۆیان لە یەکێتی نەتەوەیی نەدزنەوە بە بەهانەی فشار و گوشار و چاوسوور کردنەوەی زلهێزەکان. چونکە هەر ئەو بەهانانە بوون ئێمەی تووشی ئەم ڕەوشە کرد، کە خەریکە بە ساغی دەمان نێژن و ئێوەش نەك بۆتان نییە بۆ گەلەکەتان بگرین، بەلَکو ناچار دەبن دەستە خۆشیشیان لێبکەن. جا هەرچی زووە سەرهەلَبڕن و گومانی خۆتان بەیەك دەنگی بەرزکەنەوە و، دلَنیام کە لەم ئان و ساتەدا هەلومەرجی یەکێتی نەتەوەیی زۆر زۆر بەهێزتر و لە بوارترە و، هەر هێز و لایەنێکی ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستیش ناچارە و پشتگیریشتان دەکا، ئەگەر نا ئەوا لە زبلَدانی مێژووشدا جێگەتان نابێتەوە.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەلَ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەلاَم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاَویدەکەینەوە. لەگەلَ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003